www.kurdistannet.org
30-12-2002 12:39

# حکومەتی هەرێم، لە هەڵسەنگاندنێکدا. .

## باوەڕ کاکە حەمە

مەرج نییە کاتێك خۆمان لەسەر ئەوە رائەهێنین هەرتەنها بەچاوی دۆزینەوەی سلبیاتەکانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبسەنگێنین، ئیتر بەوەوە دەق بگرین و چاومان لە ئاستی کارە باشەکان بنووقێنین. چونکە هەمیشە سەر راستی و ماقولیەت لەوەدایە کە مرۆڤ چاك و خراپ لە یەکیتری جیابکاتەوەو هەریەکەشیان لە خانەی خۆی دا دابنێت.

راستەو هیچ منەتی تیادانیە کە لە راگەیاندنی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەواڵێك دەگاتە دەزگاکانی راگەیاندن باس لە بڕینەوەی موچەیەکی براوە بکات بۆ کەسوکاری قوربانیانی تاوانی ئەنفال و کیمیاباران ( ١ ) ، بەلاّم دەکرێ ئەوە وەکو هێڵێکی هەڵکشاوی مشور خۆرانەی ئەم حکومەتە تەماشا بکەین. یان کاتێك دەبینین و ئەخوێنینەوە کە حکومەتی کوردستان گرنگی تایبەتی ئەدات بە توانای تەکنیکی و زانستییانەی دەرچووانی کۆلێژەکان و دەرماڵەی تایبەتیان بۆ ئەبڕێتەوە بەتایبەت لە بوارەکانی کشتوکاڵ و فیزیاو کیمیاو بایەلوجی و جیولۆجی ( ٢ ) و مامۆستایانی دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری ( ٣ ) . هەروەها لەلایەکی تریشەوە کرێکاران و فەرمانبەران و کارمەندانی کارگە بەرهەمهێنەرەکانی سەر بە وەزارەتی پیشەسازیو وزە هان ئەدات رادەی بەرهەمهێنان پتر بکەن و هەوڵ و کۆششی زیاتر بدەن بۆ زیادبوونی بەرهەم، ئەویش بەوەی کە سیستەمێکی تایبەتی بۆ دەرکردن تاکو بەجۆرێکی هەڵکشاو لە زیادکردنی رێژەی قازانجی ئەوکۆمپانیایانەدا بەشداربن و پشکی خۆیان بەربکەوێت ( ٤ ) . لەلایەکی تریشەوە هانی ئەفسەرو پۆلیسەکانی سەر بەوەزارەتی ناوخۆ ئەدات تاکو لە کارەکانیان چالاکترو کاراتربن و زیاتر بتوانن ژیانی ناوخۆی کوردەواری رێك بخەن و بپارێزن. بۆیەش بەجۆرێکی مانگانە پاداشتیان بۆ دەبڕێتەوەو یارمەتیان ئەدات. هەروەها زۆر دڵسۆزانە ئاوڕ لەو کەمئەندامانە ئەداتەوە کە رێژەی کەمئەندامییەکەیان لەسەدا سەدەو مووچەکانیان زیاد دەکات (٥) ، پاشان دەرماڵەی هاوسەرێتی و منداڵ دەهێندەی جاران زیاد دەکات و لەومیانەشەوە رێزی تایبەتی بۆ ژنانی فەرمانبەر دادەنێت ( ٦ ) . لەلایەکی تریشەوە خەمی ئەو کچانە دەخوات کەهەلی شووکردنیان هێشتا بۆ نەڕەخساوە و لەماڵە باواندا ژیان دەبەنەشەر کەبەشە مووچەی خۆیان لە مووچەی خانەنیشنی باوك و دایکی کۆچکردوویان وەربگرن، کەپێشدا بڕیاری لەو جۆرە لەگۆڕێ نەبووە ( ٧ ) .

پێش کۆتایی هاتنی ئیمساڵیش مووچەی بنەڕەتی هێزەکانی هەڵسوڕاندنی فەرمانگەی چاککردنی کۆمەلاّیەتی زیادکردو هانی دان بۆ چالاککردنی زیاتری ئەرك و خەمخۆرییەکانیان ( ٨ ) . ئەوەش جگە لە چەندین بڕیاری گرنگی تر بۆ خزمەتی تێکۆشەران، لەوانە دیاریکردنی هاوکارییەکی دارایی و کەلوپەل بۆ کەسوکاری ئەو شەهیدانەی زەویان بەناوەوە تۆمارکراوە بۆ دروستکردنی خانوو لەسەر زەوییەکە ( ٩ ) . هەروەها دیاریکردنی رێژەیەك بۆ وەرگرتنی ئەوتێکۆشەرانەی بەهۆی کاری شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەرانەی خۆیانەوە نەیانتوانیوە خوێندن تەواو بکەن، کە لە زانکۆکانی کوردستاندا وەربگیرێن و خوێندنی خۆیان تەواو بکەن ( ١٠ ) . هەروەها بەدرێژایی ئەمساڵ هەموو خەڵکی کوردستان لە مامەڵەکردنی خۆیاندا لە کەمکردنەوەی رێژەی باجی دەرامەت لەبڕی ٥٠٪ی پێشوو سوودمەندبوون ( ١١ ) . بەڵێ راستە، ئەوان هیچ منەتیان تیادانییە بەلاّم دیسانەوە دەڵێین ئەوە تەنها چەند نمویەکی کەمن لە خەرواری دڵسۆزی و پەرۆشی حکومەتەکەمان بۆ خەڵکی کوردستان بەهەموو چین و توێژەکانیانەوە.

ئیتر ئەتوانین زۆر راشکاوانە بڵێین کە حکومەتی کوردستان، توانیویەتی مێژوویەکی پڕشنگدار بۆ خۆی تۆمار بکات و نموونەیەکی جوان و دیموکراتیانەو خاکیانەی حوکمکردنی کوردەواری بدات بەدەستەوە. هەگبەی ئەو ئیدارەیەش هێشتا دیان نموونەی لەوجۆرەی تیادایە کە باسمان کرد، با نووسەران قۆڵی قەڵەمی هەقگۆیی لێ هەڵکەن و تەنها ( چی راستە) ئەوە بڵێن!!. .

**پەراوێزەکان:**

١. **بڕیاری ژمارە ٣٢-ی سەرۆکایەتی هەرێم، لە ٢ی ئازاری ٢٠٠٢-دا لە سلێمانی.**
٢. **بڕیاری سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران ژمارە ٣٢٧٤/١/١ لە ١٥-٦-٢٠٠٢ لە سلێمانی.**
٣. **فەرمانی سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران ژمارە ٣٧٢٧/٦/١ لە ٣-٧-٢٠٠٢، هەروەها فەرمانی سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران ژمارە ٣٢٧٥/١/١ لە ١٥-٦-٢٠٠٢ لە سلێمانی.**
٤. **سیستمی ژمارە ٣-ی ئە نجومەنی وەزیران لە ٧-٥-٢٠٠٢ لە سلێمانی.**

www.kurdistannet.org
30-12-2002 12:39

٥. بڕیاری ژمارە ( ٣٨ ) ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ١١تشرینی دووەم/ساڵی ٢٠٠٢ لە سلێمانی.

٦. بڕیاری ژمارە ( ٥٣ ) ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٣-١١-٢٠٠٢ لە سلێمانی.

٧. بڕیاری ژمارە ( ٤٢ ) ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ١٢-١١-٢٠٠٢ لە سلێمانی.

٨. بڕیاری ژمارە ( ٦١ ) ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢-١٢-٢٠٠٢ لە سلێمانی.

٩. فەرمانی ژمارە ٦٠٣٥/٧/١ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ٩-١٠-٢٠٠٢ لە سلێمانی.

١٠. سیستەمی ژمارە ( ٤ ) لەڕۆژی ٢٨-١٠-٢٠٠٢-ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە سلێمانی.

١١. بڕیاری ژمارە ( ٢١٩ ) ی سەرۆکایەتی هەرێم لە ٣١-١٢-٢٠٠١ لە سلێمانی.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت